Swedbank och
Sparbankerna

# بەخێرهاتن بۆ Swedbank و Sparbankerna

بۆ تۆمارکردنی مشتەرییەکی Swedbank یان بانکی پاشەکەوتکردن، دەبێ ژمارە پێناسەیەک پێشکەش بکەیت و ڕوونی بکەیەوە کە بۆچی دەبێ حسابی بانکیت هەبێت. ئەمە ڕێنمایەکە لەسەر ئەو زانیاریانە کە دەبێ لە کاتی سەردانکردنی لق، پێشکەشی بانکی بکەیت.

## کارتی پێناسە

### گەر ژمارە پێناسەی سویدیت هەیە

گەر ژمارە پێناسەی سویدیت هەیە، دەبێ کارتێکی پێناسەی سویدی بڕواپێکراو پێشکەش بکەیت.

### گەر ژمارە پێناسەی سویدیت نییە

گەر ژمارە پێناسەی سویدیت نییە، دەبێ پاسپۆرتێکی نیشتیمانی بڕواپێکراو پێشکەش بکەیت کە هێمای هاووڵاتی بوونی تۆیە.

بۆ ئەو وڵاتانە کە بەشێکن لە گرێبەستی شێنگەن، هاوکێشی کارتی پێناسەی نیشتیمانی سویدیش کە هێمای هاووڵاتی بوونی تۆیە، بڕواپێکراو دەبێت.

کاتێک کارتێکی پێناسەی بیانی پێشکەش دەکەیت، دەبێ ئەم کارەتە لەگەڵ بەڵگەیەکی تر، وەک مۆڵەتی ئیقامە، مۆڵەتی پیشە و مۆڵەتی دایرەی باج یان بەڵگەی خوێندەواریدا، پێشکەش بکرێت.

### گەر ئاشنا نیت بە زمانی سویدی

گەر ئاشنا نیت بە زمانی سویدی، دەبێ کەسێکت لەگەڵ بێت کە دەتوانێت بابەتەکانت بۆ وەربگێڕێتەوە.

ئێمە دەبێ لە قسەی یەکتر تێبگەین، بۆئەوەی تۆ ئاگاداری ماف و پێداویستییەکانی خۆت بیت وەک مشتەرییەک و ئێمە وەڵامی پرسیارەکانی خۆمان لەسەر تۆ و بارودۆخی دارایی تۆ وەربگرین.

## بۆچی دەبێ حسابێکی بانکیت هەبێت؟

هەموو بانکە سویدییەکان لە ڕووی یاساییەوە ناچارن پرسیار بکەن بۆچی پێویستت بە حسابی بانکییە و چۆن دەبێ بەکاری بێنیت. لەوانەیە بتهەوێ مافی خۆت یان جۆرەکانی تری داهات پاشەکەوت بکەیت، بڕی کرێ بدەیت یان حسابی پاشەکەوتت هەبێت.

زۆربەی لقەکانی ئێمە ئیش بە پارەی نەخت ناکەن. هەر بەم هۆیە تۆ دەبێ لە بانکەکەت پرسیار بکەیت کە چۆن دەکرێ بە بەکارهێنانی شێوازی جگە لە شێوازی نەخت ئیشی دارایی و پارەدانەکانت جێبەجێ بکەیت.

زانیارییەکانی کارتی بانک و حسابەکەت کەسین. ئەوانەی تر نابێ کارت و حسابی بانکی تۆ بەکاربێنن. تۆ دەبێ وریای زانیارییەکانی کارت و حسابەکەت بیت. هەرگیز پین کۆدەکەت مەخە بەر دەستی ئەوانەی تر.

گەر بۆ پاڵپشتی داهات پێویستت بە ئاگادارییەکی حسابە لە لایەن بانکەکەی خۆتەوە، دەبێ سەردانی نزیکترین لق بکەیت لە شوێنەکەتدا بۆئەوەی ئەوان یارمەتیت بدەن لە تۆمارکردندا بۆ ئاگاداری بانکی مانگانەی بێبەرامبەر.

### مافی بەکارهێنانی حسابی بانکی

هەمووان، جیا لە هاووڵاتی بوونی ئەوان، مافی سوودوەرگرتنی کردنەوەی حسابی بانکیان هەیە لەژێر ڕکێفی مسۆگەری ڕاسپێردراودا. بەڵام لە هەندێک بابەتدا، بانک دەتوانێت حاشا بکات لە کردنەوەی حسابی بانکی بۆ تۆ. بانک لە باردۆخەکانی خوارەودا ناتوانێت حسابێکی بانکیت بۆ بکاتەوە:

- بانک نەتوانێت کەسایەتی تۆ بناسێت
- بانک بۆی دەرکەوێت کە ئەو زانیاریانە کە تۆ بە هۆی کردنەوەی حساب پێشکەش کردووە، تەواو نین






**پێشنیاری سەرەتایی**

پێشنیاری سەرەتایی ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێنێت بۆئەوەی پارەکەت پاشەکەوت بکەیت و ئەو بڕەپارانەی کە دەبێ بیدەیت بەڕێوەبەرایەتی بکەیت

ئەم پێشنیارە بریتییە لە:

- حسابی بانکی
- کارتی بانکی
- خزمەتگوزاری پارەدان

گەر ئاشنایت بە زمانی سوید و بە خزمەتگوزاری دیجیتاڵ ئاشنایت، ئێمە پێشنیاری تیشمان هەیە. قسە بکە لەگەڵ بانکەکەت دەربارەی گونجاوترین بژاردەدا.

## ڕاستییەکان

**لەسەر مسۆگەری ڕاسپاردە**

سوید مسۆگەریەکی پاشەکەوتی هەیە. ئەمە بەو واتایەیە کە گەر بانک مایەپووچ بێت، حکومەت، زیانی مشتەرییەکان تاکوو بڕەپارەی دیاریکراو، دەدات.

**دەربارەی پارەی نەخت**

Swedbank، بانکەکانی پاشەکەوت و بانکەکانی تر و پشکدارەکان، بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پارەی نەخت کە بەدەستی کۆمەڵگاوەیە، بەتوندی هەوڵ دەدەن. هەر بەم هۆیە،ئێمە بە مشتەرییەکان ڕادەسپێرین بۆئەوەی پارەدان لە ڕێگەی کارتەوە بەکاربێنن، لە کاتی پارەدان بە کات لە فرۆشگاکاندا پارەی نەخت هەڵبگرن و ئامێری ڕاسپاردەی نەخت و ATM بەکار بێنن بۆ تێکردن و هەڵگرتنی پارەی نەخت.

**لەسەر یاسای هەوڵەکان دژ بە پارەشۆردن و دابینکردنی دارایی تیرۆریست**

یاسای هەڵستان دژ بە پارشۆردن و دابینکردنی تیرۆریست یاسایەکی سویدییە کە بەنیازە بەرگری بکات لە خراپ بەکارهێنانی بانکەکان بۆ جێبەجێکردنی ساختەکاری باج و دابینکردنی دارایی چالاکییە تاوانبارەکان. بەپێی ئەم یاسایە، گەر بانک وەڵامێکی پاساو هەڵگر وەرنەگرێتەوە لە هەمبەر ئەم هۆیەدا کە مشتەری دەیهەوێ حسابێک بکاتەوە و چۆنی بەکار بێنێت، بۆی نییە بۆ مشتەری حساب بکاتەوە.

2020.3016